عراقچی: دەزانین ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل هاگرتنی بەرنامە ئەتەمییەکەی ئێرانە

چوارشەممە، 2ـی تەمموز 2025، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە تەلەی هەواڵی 'سی بی ئیس' ی ڕاگەیاند، حکوومەتی ئێران بەرنامەکانی خۆی بە پێتاندنی یۆرانیەم ڕاناگرێت، بەڵام هیچ نیازێکی بە دروستکردنی چەکی ئەتەمیی نییە. دەشزانین ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل هاگرتنی بەرنامە ئەتەمییەکەی ئێرانە.

وەزیری دەرەوەی ئێران، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: زانایانی ئێمە لە پێناو پێتاندنی یۆرانیەمدا ئەرک و سەختیی زۆریان کێشا، حکوومەت و گەلی ئێرانیش زیاتر لە 20 ساڵ لە بەرانبەر ئابڵۆقەی ئابووریدا خۆیان ڕاگرت، ئێستش لەو پێناوەدا دەجەنگین؛ شەڕی قورسی 12 ڕۆژەشمان بەو هەموو قوربانی و وێرانکارییەوە هەر بە ئەوە کرد. بابەتی پێتاندنی یۆرانیەم، شانازی و سەربەرزیی گەلی ئێمەیە و بگومان دەستبەرداری نابین.

عراقچی، دەربارەی ئەو زیانانەی بەر پێگەی ئەتەمیی فەردە گەیشتوون، گوتی: هیچ کەسێک زانیاریی ورد و ڕاستی لەو بارەیەوە نییە و نازانرێ لە فەردە چی ڕووی داوە. بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەزانم

زیانی زەر و جیددی بەرکەوتووە.

وەزیری دەرەوەی ئێران گوتیشی: ەەکخراوی وزەی ئەتەمی ئێران، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زیانەکانی پێگەی فەردەیە و دواتر لە پەرتی خۆی لەو بارەوە دەداتە حکوومەت.